فوئاد حسێن و ڕێبەر ئەحمەد گەیشتنە تورکیا و لەگەڵ هاکان فیدان کۆبوونەوە

فوئاد حسێن، ئەمشەو چوارشەممە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس نوسیویەتی، گەیشتینە ئینقەرەی پایتەختی تورکیا بە ئینجامدانی چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگ، لەنێویاندا کۆبوونەوەمان لەگەڵ برامان هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا.

وەزیری دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوەشداوە، لە کۆبوونەوەکاندا لە ئینقەرە "چەند بابەتێکی جێی بایەخی هاوبەش تاوتوێ دەکەین، لەسەرو هەموویشیانە لایەنی ئەمنی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەروەها بەهێزکردنی هاریکاری و هەماهەنگی نێوانمان بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدا بێت".

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق سەرکایەتی وەفدی عێراق دەکات لەسەردانێکیدا بە ئینقەرە، بگەڕێی ئەو وێنەیەی کە خۆی لەگەڵ ڕاگەیەندراوێکیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس داینناوە، ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەروەها فالح فەیاز، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی، لەنێو وەفدە عێراقییەکەدان.